سودانی ئامادەیی کەمپانیای شەڤ بۆ زیادکردنی وەبەرهێنانکانی لە عێراق دەگەیەنێت

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە شوێنی مانەوەی خۆی لە لەندەن پێشوازی کرد لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای شەڤ بۆ نەوت وائل سەوان.

بەگوێرەی هاگەیەندراوەکی نوسینگەی هاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە میانی دیدارەکەدا باس لە هاریکاریەکانی نێوان عێراق و کەمپانیاکە کرا، کە یەکێکە لە کەمپانیا گرنگەکانی نەوت و غاز و پترۆکیمیایی لە جیهاندا، بەتایبەتی کە حکومەت هەلی وەبەرهێنانی زۆری لەم کەرتەدا هاگەیاند.

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیاکە ئامادەیی خۆی هاگەیاند بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان لە عێراق، بەتایبەتی لە بواری غازی هاوەڵ و وەبەرهێنان لە کەرتی غاز ئازاددا، کە حکومەت مەبەستی وەبەرهێنانی لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا خستەڕوو.